کۆماری عیراق
وەزارەتی پەروەردە

# ڕێزمانی کوردی

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

بۆ پۆلی
پێنجەمی
سەرەتایی

کۆماری عێراق

وەزارەتی پەروەردە

# ڕێزمانی کوردی

بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی

نووری عەلی ئەمین
موحەممەد موستەفا کوردی

شیخ محمدی خال
کامیل حەسەن بەسیر

دایان ناوە

چاپی (الطبعة) ٢٨ سالی ١٩٩١ ز - ١٤١١ ك

لەچاپخانەی ژمارە (٢)ی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر چاپ کراوە

ئەی قوتابیی خۆشەویست ..

ئەم کتێبەی لەبەردەستایە دیاریی شـۆڕشـە بۆ تۆ ، جـا پاراسـتنی کتێبـەکە نموونـەی وەفاداریی تۆیە بەرامبەر بـە شۆڕش ، تۆیش شایانی وەفاداریت .

سەرپەرشتی چاپ : کریم مولود

# ناوەڕۆکی ئەم ڕێزمانە

| باس | لاپەرە |
| --- | --- |
| سەرەتا | ٤ |
| ڕستە | ٦ |
| ووشە | ٩ |
| ووشەی سادەو ووشەی ناسادە | ١٢ |
| پیت | ١٩ |
| ئاخاوتن | ٢٠ |
| جۆرەکانی ووشە ( ناو ) | ٢٤ |
| ناوی تاك ــ ناوی کۆ | ٢٧ |
| ڕاناو | ٣٢ |
| ئاوەڵناو | ٣٧ |
| فرمان | ٤٣ |
| ئاوەڵ فرمان | ٤٧ |
| ئامرازی پێوەندی | ٥٢ |
| ئامرازی لێکدەر | ٥٧ |
| ئامرازی بانگکردن | ٦٤ |
| فەرهەنگی ئەم ڕێزمانە | ٨٠ |

# سەرەتا

**بۆ مامۆستایانی بەڕێز :**

لیژنەی دانانی ( ڕێزمانی کوردی ) بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی ، بە پێویستیان زانی ، بە سەرەتایەکی کورت ، ئەو ڕێگایە بخەنەپێش چاوی ئەو مامۆستایانەی کە وانەی کوردی لە قوتابخانەکاندا دەڵێنەوە ، هەتا پەیڕەوی بکەن بۆ ئەوەی سوود بەخش بێت چونکە جگە لەوەی هەر وانەیەکمان بە چوار پلە خستۆتە پێش چاوی قوتابی ، هەوڵمان داوە کە ئەو نموونانەی **پیشانمان داون خۆوڵاتی بن و لەتەك توانای قوتابی دا بسازێن • ئەمەش ئەو پلانەیە کە لەسەری رۆییشتوین :**

١ ــ لە پلەی یەکەمدا ، هاتووین چەند نموونەیەکی سووك و بەسوود کە لە خاکوبای قوتابی یەکە هەڵمان هێنجاوە ، خستوومانەتە پێش چاوی قوتابی •

٢ ــ لە پلەی دووەمدا ، هاتووین ، نموونەکانمان شی کردۆتەوە ، بۆ **ئەوەی ئەو ووشەیەی کە لە وانەکەدا مەبەستمانە دەری بخەین و بەجوانی بیخەینە مێشکی قوتابی یەکانەوە ، لێی دواوین •**

٣ ــ لە پلەی ، سێیەمدا ، هاتووین دەستوورەکەیان لەو نموونانە هەڵهێنجاوە • کە لە پلەی یەکەم و دووەمدا لێی دواوین و خستوومانەتە بەرچاوی قوتابی یەکە •

٤ ــ لە پلەی چوارەمدا ، هاتووین گەلێ مەشق و ڕاهێنانمان داناوە بۆ ئەوەی قوتابی لە ژووری پۆل و لە ماڵەوە لەتەکی دا خەریك بێت و ئەو

دەستوورەیکە خوێندویە بەسەریدا تەتبیق (بگونجێنێ) بکاتو ، بەجوانی بچێتە دلیەوەو لەمێشکیدا جێگیر بێتو سوودی لێوەربگرێت • برای مامۆستا ، ناڵێین کە ڕێزمانەکەمان لە هەڵەو ناتەواوی بەدوورە بەڵام ئەوە دەڵێین کە سودێکی فرەی بۆ قوتابیو بۆ مامۆستا هەیەو ، گەلێ قوتابیو مامۆستای پێدەخرێتە سەر ئارەزووی لێ کۆڵینەوەو لێدوانو خۆماندوو کردن لەم کۆڕەدا ، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بازووی مەردانەی لێ هەڵ بکاتو خۆی بخاتە ڕیزو دەست بداتە پێنووسەکەی ڕێزمانێکی سوودبەخش‌تر بنووسێت بۆ گەلەکەی • هیواداریشین کە هەرچی کەموکورییەك کە لەمڕێزمانەدا دەبینرێت ئاگادارمان بکەن ، هەتا لەچاپەکانی دواییدا ڕاستیان بکەینەوە •

٥ - لەدوای هەر وانەیەکەوە فەرهەنگێکمان بۆ کردووە بۆ لێکدانەوەی ووشەکان •

لیژنە

## ١ ـ ڕسته [١]

**عیراق وولاتێکی خۆشه ٠**
**عیراق له (١٨) پارێزگه پێکهاتووه ٠**
**شاری بەغداد پایتەختی عیراقه ٠**
**ڕووباری دیجلەو فورات لە قوڕنە بەیەك دەگەن ٠**

★ ★ ★

سەرنج بدەرە ئەو ئاخاوتنانەی لای سەرەوە ، دەبینیت هەر بەشەیان مانایەکی تەواو و پڕاوپڕی خۆی هەیەو لە چەند ووشەیێك پێکهاتووە ، بۆ وێنە :

ئاخاوتنی ( عیراق وولاتێکی خۆشه ) له ووشەی ( عیراق ، وولات ، خۆش ، ە ) پێکهاتووه ٠ هەموویان بە سەریەکەوە مانایەکی تەواویان داوە ، هەروەها ئاخاوتنەکانی تریش ، بۆیە پێیان دەووترێت (ڕسته) ٠

**بەکورتی :**

**ڕسته کۆمەڵە ووشەیەکە بەسەریەکەوە مانایەکی تەواو و پڕاوپڕی هەیە ٠ لە کوێشدا ڕسته تەواو ببێت ، خاڵێك دادەنرێت ٠**

### ڕاهێنانی [٢] (١)

١ ـ کەی بە ئاخاوتن دەگوترێت ڕسته ؟
٢ ـ ڕسته لە چي پێكدەهێنرێت ؟

---

(١) الجملة
(٢) التمرين

## ڕاهێنانی (٢)

ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە :

١ ـ بەهاران ٠٠٠٠ دەبارێت ٠

٢ ـ زەوی ٠٠٠٠ هەڵدەگەڕێت ٠

٣ ـ خەڵکی پۆل پۆل بۆ ٠٠٠٠ دەچن ٠

٤ ـ بەفری چیاکانی ٠٠٠٠ دەتوێتەوە ٠

## ڕاهێنانی (٣)

ڕستە لەم ئاخاوتنانەی خوارەوە دیاری بکە :

١ ـ لە باخەکەدا ٠

٢ ـ پرشنگ گوڵ دەڕوێنێت ٠

٣ ـ زەوی ی باش بەرهەمی باش دەدات ٠

٤ ـ تووتن بەدێراو ٠

٥ ـ هەنگ شیلەی گوڵان دەمژێت ٠

٦ ـ عیراق بە خورما ٠

## ڕاهێنانی (٤)

ئەم ووشانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە :

گوندۆرە ، کارگە ، لۆکە ، کێڵگە ، جوتیار ٠

١ ـ ئەم پارچەیە بخوێنەوەو سەرنج لەڕستەکانی بدە :

سەرۆکی فەرماندە هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین دەڵێت:

لەسکاڵاو داخوازیی هاونیشتمانان گوێ بگرن ٠ لە پرسینەوەی ئەو داخوازییانە ماندوو و بێزارمەبن ٠ چونکە ئەگەر زۆر یان کەم زۆرلێکراوێکتان ڕزگار کرد ، مانای وایە خزمەتێکی گەورە پێش کەش بەم گەلەو بیرو باوەڕی حزبەکەتان دەکەن

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| پارێزگە | : | موحافەزە |
| سەرنج بدەرە | : | بەرێ خۆ بدە |
| بەش | : | پارچە ، بەهر |
| کەی | : | کەنگێ |
| پۆلپۆل | : | دەستەدەستە |
| دەتوێتەوە | : | حەل دبت |
| دەروێنێت | : | دەچینت |
| گوندۆرە | : | کالەك |

## ٢ ـ ووشـــه[١]

**١ ـ هیوا بۆ هەولێر دەچێت ٠**
**٢ ـ پاشایەتی ی بۆگەن لە چواردەی تەمووزدا ڕما ٠**
**٣ ـ گوێزی هەورامان بە دەست دەشکێت ٠**
**٤ ـ گەل بۆ ئازادی تێ دەکۆشێت ٠**

★ ★ ★

ڕستەی یەکەم ( هیوا بـــۆ هەولێر دەچێت ) لـــە بێژەی ( هیـــوا ) ، ( بـــۆ ) ، ( هەولێر ) ، (دەچێت) پێك‌هاتووە ، بە هەریەکێ لەو بێژانەی کە ڕستەکـــەی لێ پێك‌هاتووە دەگوترێت ( ووشە ) ٠

ڕستەی دووەم ( پاشایەتی‌ی بۆگـــەن لـــە چواردەی تەمووزدا ڕما ) لە بێژەی ( پاشایەتی )ی . ( بۆگـــەن ) ، ( لە ) ، ( چواردە ) ، ( ی ) ، ( تەمووز ) ، ( دا ) ، ( ڕما ) پێك‌هاتووە ، بە هەریەکێ لەو بێژانەی کە ڕستەکـــەی لێ پێك‌هاتووە ، دەگوترێت ( ووشە ) ٠

ڕســـتەی سێیەم ( گوێـــزی هەورامان بە دەست دەشکێت ) لە بێژەی ( گوێز ) ، ( ی ) ، ( هەورامـــان ) ، ( بـــە ) ، ( دەســـت ) ، ( دەشکێـــت ) پێـــك‌هـــاتووە ، بە هەریەکێ لەو بێژانەی کـــە ڕستەکەی لێ پێك هاتووە ، دەبێژرێت ( ووشە ) ٠

---

(١) الكلمة

ڕستەی چوارەم ( گەل بۆ ئـازادی تێدەکۆشێت ) ، لە بێژەی ( گەل ) ، ( بۆ ) ، ( ئـازادی ) ، ( تێدەکۆشێت ) پێکهاتووە . بە هەریەکێ لەو بێژانەی کە ڕستەکەی لێ پێکهاتووە ، دەگوترێت ( ووشە ) .

**بەکورتی :**

**ووشە ئەو بێژەیەیە کە لە زار دەردێتو مانایەکی تایبەتی هەیەو ڕستەی لێ پێکدەهێنرێت ، وەك :**

**من ، بۆ ، چواردە ، هەورامان ، بەلام ، دەشکێت .**

## ڕاهێنانی (١)

**ئەم ڕستانەی خوارەوە** هەریەکەیان لە چەند ووشە پێکهاتووە ؟

١ ــ لەشکر پارێزگاری نیشتمان دەکات .

٢ ــ بەبرایەتی کوردو عەرەب عێراق دەبێتە مەڵبەندی ئازادی .

٣ ــ چیاکانی کوردستان سەختو پڕ لە دارستانن .

٤ ــ لۆلۆکان لە ناوچەی سلێمانی ئەمڕۆدا دەژیان .

٥ ــ ئاشتی هیوای گەلانە لە گیتی‌دا .

## ڕاهێنانی (٢)

ئەم ووشانە بخە ئەم بۆشاییی‌یا نەوە :

شلوێ ، بە ، بادینان ، دەرچوو ، ئەها ٠

١ ـ باوکم دوێنێ بۆ ناوچەی ٠٠٠٠ چوو ٠

٢ ـ ئاوی ٠٠٠٠ مەخۆرەوە ٠

٣ ـ ئەختەری خوشکم بە یەکەم ٠٠٠٠

٤ ـ گەلی عێراق ٠٠٠٠خوێنی ئازادی وەرگرتووە ٠

٥ ـ ٠٠٠٠ دیوارەکە بەسەر مایینەکەدا ڕما ٠

## ڕاهێنانی (٣)

ئەم ووشانە لەڕستەدا بەکار بهێنە :

باخەکە ، دادەنیشێت ، تۆ ، دارتاش ، خۆزگە

### لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| ڕما | : | روخا ، هەرفی |
| ڕستە | : | ڕیز ، دێر ، جملة |
| دەووترێت | : | دبێژن |
| تایبەتی | : | سەربخوە |
| سەخت | : | ئاسێ |
| هیوا | : | هیڤی |
| گیتی | : | دونیا |
| شلوێ | : | شێلی |

## ٣ ـ ووشەی سادەو ووشەی نادسادە

**١ ـ بارام بۆ مێرگەسوور دەچێت ٠**
**٢ ـ شاسوار پیاوێکی بەجەرگە ٠**
**٣ ـ ڕەشەبای سلێمانی زۆر بەهێزە ٠**
**٤ ـ پیاوی جگەرەکێش فرە دەکۆکێت ٠**

★ ★ ★

لە ڕستەی یەکەمدا ( بارام بۆ مێرگەسوور دەچێت ) ووشەی ( بارام ) ووشەیەکی سادەیە ، چونکە لە تەنیا بێژەیەك پێك‌هاتووە ٠

ووشەی ( دەچێت ) ووشەیەکی سادەیە ، چونکە لە تەنیا بێژەیەك پێك‌هاتووە ٠

ووشەی ( بۆ ) ووشەیەکی سادەیە چونکە لە تەنیا بێژەیەك پێك‌هاتووە ٠

ووشەی ( مێرگەسوور ) ووشەیەکی ناسادەیە چونکە لە بێژەی ( مێرگ ) و ( ە ) و ( سوور ) پێك‌هاتووە ٠

---

لەڕستەی دووەمدا ( شاسوار پیاوێکی بەجەرگە ) : ووشەی ( شاسوار ) ووشەیەکی ناسادەیە ٠ چونکە لە بێژەی ( شا) و ( سوار ) پێك‌هاتووە ٠

ووشەی ( بەجەرگ ) ووشەیەکی ناسادەیە چونکە
لە بێژەی ( بە ) و ( جەرگ ) پێکهاتووە ·

ووشەی ( ە ) ووشەیەکی سادەیە ، چونکە لە
تەنیا بێژەیەك پێکهاتووە ·

---

لەڕستەی سێیەمدا ( ڕەشەبای سلێمانی زۆر
بەهێزە ) :

ووشەی (ڕەشەبا) ووشەیەکی ناسادەیە ، چونکە
لە بێژەی (ڕەش)و (ە)و(با)پێکهاتووە ·

ووشەی ( ی ) ووشەیەکی سادەیە ، چونکە لە
تەنیا بێژەیەك پێکهاتووە ·

ووشەی ( سلێمانی ) ووشەیەکی سادەیە ، چونکە لە
تەنیا بێژەیەك پێکهاتووە ·

ووشەی ( زۆر ) ووشەیەکی سادەیە ، چونکە لە
تەنیا بێژەیەك پێکهاتووە ·

ووشەی (بەهێز) ووشەیەکی ناسادەیە ، چونکە
لەبێژەی (بە) و (هێز) پێکهاتووە ·

ووشەی ( ە ) ووشەیەکی سادەیە ، چونکە لە
تەنیا بێژەیەك پێکهاتووە ·

---

**لە ڕستەی چوارەمدا ( پیاوی جگەرەکێش فرە دەکۆکێت ) :**

ووشەی ( پیاو ) ووشەیەکی سادەیە ، چونکە لە تەنیا بێژەیەك پێکهاتووە ·

ووشەی ( ی ) ووشەیەکی سادەیە ، چونکە لە تەنیا بێژەیەك پێکهاتووە ·

ووشەی (جگەرەکێش) ووشەیەکی ناسادەیە چونکە لە بێژەی ( جگەرە ) و ( کێش ) پێکهاتووە ·

ووشەی ( دەکۆکێت ) ووشەیەکی سادەیە ، چونکە لە تەنیا بێژەیەك پێکهاتووە ·

**بەکورتی :**

**١ – ووشەی سادە : ئەو ووشەیەیە کە لە تەنیا بێژەیەك پێکهاتووە وەك ووشەی ( بارام ، سلێمانی ، لە ، زۆر ) ·**

**٢ – ووشەی ناسادە : ئەو ووشەیەیە کەلە دوو بێژە ، یاپتر پێکهاتبێت ، وەك ( مێرگەسوور ، بەجەرگ ، جگەرەکێش ، ڕەشەبا ) ·**

## ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا ، ووشەی سادەو ووشەی ناسادە ، دەربهێنە ·

١ – دارسێوەکەم ڕاوەشاند ، دوو سێوم خستەخوارێ ·

٢ – نەوزاد وەك شێر بە چیاکەدا هەڵگەڕا ·

٣ ـ پیاوی ئازا هەرجارێ لەژیاندا دەمرێت ، پیاوی ترسنۆك هەموو ڕۆژێ دەمرێت .

٤ ـ شاسوار لەگەڵ خەسرەودا چوون بۆ ئەشکەوتەکەی هەزارمێرد .

## ڕاهێنانی (٢)

**ئەم ووشە ناسادانە لە یەکتر هەڵبوەشێنە هەتا**

بینە ووشەی سادە :

شاهەنگ ، دەمبەپێکەنین ، هەڵدەلەرزێت ، کوردستان ، چیرۆك نووسین ، خۆتان ، لەلا .

## ڕاهێنانی (٣)

ئەم ووشانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە :

بەفرماڵ ، کەو ، نمنم ، بەگوڕ ، ڕووخا .

## ڕاهێنانی (٤)

ئەم چیرۆکە لە ماڵەوە بخوێنەرەوە لە پاشاندا :

١ ـ پێنج ووشەی سادەی لێ دەربهێنە .

**٢ ـ پێنج ووشەی ناسادەی لێ دەربهێنە .**

## سەیرانێ لە چوارباخدا

شاسوارو گولنازی ژنی لەسەر بانیژەکەیان دانیشتبوون ، مندالەکانیشیان دارا ، سەرچڵ ، شەونمو شاناز لە دەوریان دانیشت بوون گوێیان لە ئاخاوتنی باوکو دایکیان دەگرت .

شاسوار ڕووی کردە گولنازو گوتی :

- گولناز دەڵێی چی بەیانی مندالەکان بەرین بۆ سەیران بۆ چوارباخ . بۆ ئەوەی کە بۆ خۆیان تۆزێ ڕاببوێرن .

گولناز وەڵامی مێردەکەی دایەوە ، گوتی :

- قسەکەتم پێ خۆشە ، بەڵام دەترسم مندالەکان لەوێ بکەونە گەلاڕنین ، دارهەڵپاچین ، گوڵهەڵوەراندن ، میوەکردنەوە ، لقو پۆپ بە سوورەچنارەکانەوە ، بە شۆڕەبیەکانەوە نەهێڵنو .وەی بە باخەکە بگە یێنن .

شاسوار بە پێکەنین بە ژنەکەی گوت :

- واتەکەتم پێ جوانە ، بەڵام ئەوا خۆیان دانیشتوون گوێیان لێیە دەڵێین چی ... ئەگەر بە لێنمان دەدەنێ دەست بۆ هیچ نەبەن ، هەتا خۆمان لەگەڵ باخەوانەکەدا دەچین بەناو باخەکەدا دەگەڕێینو هەرچیمان پێویست بوو لێی دەکڕین ، ئەوا دەیان بەین ، دەنا ناچین .

منداله کان هه‌موو پێکه‌وه ووتیان :

– بڕیارتان ده‌ده‌ینێ ، هه‌ر گیزاو هه‌رگیز ده‌ست بـۆ هیچ درێژنه‌که‌ین‌و نه‌که‌وینه ناو باخـــه‌که‌وه هه‌تا له‌گه‌ڵ خۆتاندا نه‌بێت .

خێزانه‌که له‌ســه‌ر ئه‌وه ڕێ‌که‌وتن خۆیـــان ئامـاده کردو به‌یانی زوو تفاقیان هه‌ڵ‌گـــرت‌و بۆ چـــوارباخ ڕۆیشتن ، له‌وێ له‌بن شاتوویه‌کی گه‌وره‌دا تفاقه‌کانیان داناو به‌ڕه‌و حه‌سیریان ڕاخست ، که‌وتنه‌چێشت لێ‌نان ، سه‌ماوه‌ریان ده‌م‌کرد ، له خۆشیاندا نه‌یان‌ده‌زانی چـۆن کات دێ‌و ده‌ڕوات ، هــه‌ر ئه‌وه‌نـده‌یان زانی کاتی نان خواردنه ، سفره ڕاخرا ، ده‌ست‌کرا به نان خواردن ، به چاخواردنه‌وه،له پاشاندا ده‌ست شۆراو جێ‌ڕاخرا،له‌ژێر سێبه‌ری شاتووه‌که‌دا ، دایك‌و باوکه‌که نووستن به‌ڵام منداله‌کان له‌ژێر سووره‌چناره‌کـه‌دا ،که لـه ته‌نیشـت شاتووه‌که‌وه بوو لێی نووســتن ، هه‌تا فێنکی ئێواره‌ێ ، ئه‌نجا هه‌ڵستان ، له‌گه‌ڵ‌دایك‌و باوکیاندا که‌وتنه‌گه‌ڕان به‌ناو باخه‌که‌دا ، به‌بێ ئه‌وه‌ی له هیچ بکه‌ون ، یاده‌ست بۆ هیچ به‌رن ، حه‌زیان له هه‌رچی بکردایه ، به پاره لـه باخه‌وانه‌که‌یان ده‌کڕی ، به‌م‌ڕه‌نگه ئـه‌و خێزانـــه ئـه‌و ڕۆژه‌یان به‌خۆشی له چوارباخ به‌سه‌ر بـرد ، ئێـواره‌ێ گه‌ڕانه‌وه بۆ ماڵێ ، شاسوارو گوڵناز زۆر لـه کرده‌وه‌ی منداله‌کانیان ڕازی‌بوون‌و بڕیاریان‌دا که ئیتر هــــه‌موو ڕۆژێکی هه‌ینی بیان‌به‌ن بۆسه‌یران .

# لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| فرە | : | زۆر |
| پیاو | : | زەلام |
| دەکۆکێت | : | دەکوکت |
| بانیژە | : | سەربان |
| دەڵێ | : | دبێژی |
| منداڵ | : | زاڕو |
| میوە | : | فێقی |
| بەڵێن | : | سۆز |
| هەرگیز | : | هێچ |
| چێشت | : | خوارن |
| کات | : | وەخت |

## ٤ ـ پیت[1]

**کار گەی شەکر لە سلێمانی کراوەتەوە ·**

**ئەم کارگەیە پێویستی بە چەوەندەرە ·**

**جوتیاری کورد چەوەندەر دەچێنێت ·**

**چەوەندەری باش لە شارەزوور دەکرێت ·**

★ ★ ★

ئەگەر سەرنج بدەیتە هەر ڕستەیەك لەو ڕستانەی سەرەوە ، دەبینیت هەریەکەیان لە چەند ووشەیەك پێك‌هاتووەو ووشەکانیش هەر یەکەیان لە چەند پیتێ پێك‌هاتووە · بۆ وێنە :

ئەگەر ڕستەی ( جوتیاری کورد چەوەندەر دەچێنێت ) وەربگرین دەبینین لە چوار ووشە ( جوتیار ، کورد ، چەوەندەر ، دەچێنێت ) پێك‌هاتووە · وە هەروەها ئەگەر ووشەی ( دەچێنێت ) وەربگرین‌و جوان سەرنجی لێ بدەین دەبینین لە (٧) پیت پێك‌هاتووە (د ، ە ، چ ،ێ، ن ، ێ ، ت ) ، کە ئەم پیتانە بچووکترین دانەدەنگین‌و ئیتر لەوە زیاتر ناتوانرێت ووردبکرێنەوە · بەلام

(١) الحرف

ئەوەندە هەیە بەپێی بەکارهێنانیـــان لە بیناســـازی ووشەدا دەکرێن بە دوو جۆرەوە وەك لەم نەخشەیەی خوارەوەدا دیارە :

پیت

| بزوێن(١) | نە بزوێن |
| --- | --- |
| ا | ء ، ب ، ت ، پ |
| ە | ج ، ح ، خ ، چ |
| ی | د ، ز ، ژ . . . |
| ێ | |
| و | |
| وو | |
| ۆ | |
| وێ(١) | |

---

(١) هەرچی لەم پیتەبزوێنانە بەدەربوو پیتەنەبزوێنە .

(٢) وەك پیتی بزوێنی (وێ) لە ووشەی (كوێ ، خوێ ، خوێن)

## ڕاهێنانی (١)

ئەم ووشانەی خوارەوە لێك‌هەڵ بووەشێنەو بزانـە هەریەکی لە چەند پیت پێك‌هاتووە :

١ ـ هەرەوەز ( هـ ، ە ، ر ، ە ، و ، ە ، ز = ٧ )
٢ ـ ئاشتی ( = )
٣ ـ خاکە ناز ( = )
٤ ـ ڕەشەبا ( = )
٥ ـ خۆمان ( = )
٦ ـ ئەوێ ( = )
٧ ـ پەشۆکا ( = )
٨ ـ پووش ( = )
٩ ـ پاشەوپاش ( = )
١٠ ـ بەگوڕ ( = )

## ڕاهێنانی (٢)

ئەم پیتانە بەچی لەیەکتر جیا دەکرێنەوە :

١ ـ (ب) و (پ)
٢ ـ (ج) و (چ)
٣ ـ (ز) و (ژ)
٤ ـ (ر) و (ڕ)
٥ ـ (ف) و (ڤ)
٦ ـ (و) و (ۆ)
ـ (ی) و (ێ)

## ڕاهێنانی (٣)

له ناو پیته‌كانی زمانی كوردیدا چه‌ند پیت هه‌یه ئه‌م ئیشاره‌ته‌یان (٧) ده‌خرێته سه‌روو بۆچی ؟

## ڕاهێنانی (٤)

ئه‌م پیتانه بده‌ره‌وه ده‌م یه‌كتر بزانه چ ووشه‌یێكی لێ دروست ده‌كرێت :

١ ـ خ ، ۆ ، ش ، ا ، و =

٢ ـ ه‌ ، ا ، و ، ڕ ، ێ =

٣ ـ ك ، و ، ر ، د ، س ، ت ، ا ، ن =

٤ ـ خ ، ا ، و، ێ ، ن =

٥ ـ پ ، ه ، ی ، ژ ، ه =

## ڕاهێنانی (٥)

| ووشه | پیته نه‌بزوێن | پیته‌بزوێن |
|---|---|---|
| كه‌ڵه‌شێر | ك ، ڵ ، ش ، ر | ه ، ه ، ێ |
| ڕووبار | | |
| كورد | | |
| شارستانی | | |
| كوێـر | | |
| كاروان | | |
| یاری | | |

پیته نه‌بزوێنه‌كان و پیته‌بزوێنه‌كانی ، ووشـه‌كانی سه‌ره‌وه وه‌كو نموونه‌ی یه‌كه‌م له‌یه‌كتر جیابكه‌ره‌وه ٠

## ڕاهێنانی (٦)

**پیتە بزوێنەکانی ناو ئەم ووشانەی خوارەوە دەربهێنە :**

باڵندە ، گۆرەوی ، شیر ، خوێ ، ئازا ، نەورۆز ، کەپوو .

## ڕاهێنانی (٧)

١ ـ پێنج ووشە بهێنەرەوە ، پیتەبزوێنی (ۆ)ی تێدا بێت .

٢ ـ پێنج ووشە بهێنەرەوە ، پیتەبزوێنی (ێ)ی تێدا بێت .

٣ ـ پێنج ووشە بهێنەرەوە ، پیتەبزوێنی (وێ)ی تێدا بێت .

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| پیت | : | حەرف |
| ناکەناز | : | مەڕ |
| هاوڕێ | : | هەڤال |
| خاوێن | : | پاقژ |
| پەیژە | : | سپی‌ترك |
| کەلەشێر | : | دیکل |
| باڵندە | : | چەنگدار |
| وەرد | : | شۆڤ |

## جۆرەکانی ووشە

## ١ ـ نـــاو

**بارام نوست ٠**

**من لە دهۆك بووم ٠**

**شێرەکە نەڕاندی ٠**

**کاڵەك بەهاوین پێ دەگات ٠**

**پەنجەرەکە داخراوە**

★ ★ ★

لە ڕستەی ( بارام نوست ) دا :

بێژەی ( بارام ) ووشـــەیـــە ، پێی دەڵێین ( ناو ) ، چونکە بۆ ناو لێ نانی کەسێ بەکار هێنراوە ٠

لەڕستەی ( من لە دهۆك بووم ) دا :

بێژەی ( دهۆك ) ووشەیە ، پێی دەڵێـین ( نـــاو ) ، چونکە بۆ ناو لێ نانی شوێنێك بەکارهێنراوە ٠

لەڕستەی ( شێرەکە نەڕاندی ) دا :

بێـــژەی ( شـــێر ) ووشـــەیـــە پێی دەڵێین ( نـــاو ) چونکە بۆ ناو لێ نانی گیانلەبەرێك بەکارهێنراوە

لەڕستەی ( کاڵەك بە هاوین پێ دەگات ) دا :

بێژەی ( کاڵـــەك ) ووشەیـــە پێی دەڵێـین ( ناو ) ، چونکە بۆ ناو لێ نانی ڕووەکێ بەکار هێنراوە ٠

له ڕستەی ( پەنجەرەکە داخراوە ) دا :

بێژەی ( پەنجەرە ) ووشـەیە ، پێی دەڵێین ( ناو ) ، چونکە بۆ ناو لێ نانی شتێ بەکار هێنراوە ٠

**بەکورتی :**

**ناو ، ووشەیەکە بۆ ناو لێ نانی کەسێ ، یا شوێنێ ، یا گیان لەبەرێ ، یا ڕووەکێ ، یاشتێ بەکار دەهێنرێت ، وەك :**

**بارام ، دهۆك ، شێر ، کاڵەك ، پەنجەرە ٠**

## ڕاهێنانی (١)

هەرچی ناوێ دەبینیت لەم ڕستانـەی خوارەوەدا ، سەروهێڵ بەژێریاندا بکێشە :

١ ـ بەغدا پایتەختی کۆماری عێراقە ٠

٢ ـ شەکر لە قامیش دەردەهێنرێت ٠

٣ ـ شاسوار ڕۆژی هەینی بۆ خانەقین دەڕوات ٠

٤ ـ خورما لە خوارووی عێراقدا باش دەڕوێت ٠

٥ ـ شۆرش بۆ بەختیاری گەل هەوڵدەدات ٠

## ڕاهێنانی (٢)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بەم ووشانە پڕبکەرەوە :

زەوی ، دەهۆڵ ، کوردستان ، گوڵناز ، گوللە ٠

١ ـ ٠٠٠٠٠ لەگەڵ دایکیدا بۆ ئێرە هات ٠

٢ ـ ئازاد بە ٠٠٠٠٠ ی ئیستیعمار کوژرا ٠

٣ ـ ٠٠٠٠٠ بە دەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە ٠

٤ ـ توو تن له هه‌موو ناوچه‌یه‌کی .... ده‌ڕوێنرێت .
٥ ـ ده‌نگی ..... له دوور خۆشه .

## ڕاهێنانی (٣)

ئه‌م ناوانه له‌ڕسته‌دا به‌کار بهێنه :
ئه‌ستێره ، مه‌ریوان ، گه‌شت ، په‌پووله ، بادینـــان

## لێکدانه‌وه‌ی ووشه‌کان

| | | |
|---|---|---|
| ڕووه‌ك | : | نبات |
| هێڵ | : | خه‌ت |
| قامیش | : | له‌ڤه‌ن |
| بۆشایی | : | ڤاله |
| زه‌وی | : | عه‌رد |
| په‌پووله | : | په‌ڕیتانك |
| قوتیله | : | چرا |

## ناوی تاك ـ ناوی كۆ[1]

| (٢) | (١) |
|---|---|
| ژنان بژاردەكەن | ژن بژار دەكات |
| نانەوایان نان دەكەن | نانەوا نان دەكات |
| ئەم هەرمێیانە دەخۆم | هەرمێ دەخۆم |
| منداڵان دەخوێنن | منداڵ دەخوێنێت |

ئەگەر سەرنج بدەینە ووشەی ( ژن ، منداڵ ، هەرمێ ، نانەوا ) ی ڕیزی یەكەم ، دەبینین هەموویان ناون و هەریەكەیان تاقە یەكێ نیشان دەدەن لەبەر ئەوە بەم جۆرە ناوانە دەگووترێت ( ناوی تاك ) .

وە ئەگەر سەرنج بدەینە ووشەی ( ژنان ، منداڵان ، هەرمێیان ، نانەوایان ) ی ڕیزی دووەم ، دەبینین دیسان هەموویان ناون و هەر یەكەیان لە تاكە یەكێ پتر نیشان دەدەن ، لەبەر ئەوە بەم جۆرە ناوانە دەگووترێت ( ناوی كۆ ) .

تێبینی : ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ناوانەی كە لە یەكێ پتر پیشان دەدەن لە ڕیزی دووەمدا ، دەبینین ، یا بەبۆنەی نیشانەی ( ان )ەوە بەبێ یاریدە بوون بە ( كۆ ) ، وەك ( ژنان ، منداڵان ) ، وە یا بە یاریدەی پیتە ناوبەندی (ی)وە بوون بە (كۆ) ، وەك ( هەرمێیان ، نانەوایان ) ، لەمەوە ئەم دەستوورە هەڵدەگرین .

---

(١) المفرد والجمع

بەکورتی :

١ ـ ناوی تاك : ئەو ناوەیە کە تاکەیەکێ نیشان دەدات ، وەك ژن ، منداڵ ، نانەوا .

٢ ـ ناوی کۆ : ئەو ناوەیە کە لە تاکە یەکێ پتر نیشان دەدات ، وەكژنان ، منداڵان ، نانەوایان ،کوڕگەل

وە ناوی تاكِ :

١ ـ ئەگەر کۆتایی بە پیتە نەبزوێن هاتبێت بە نیشانەی ( ان ) دەکرێت بە ناوی کۆ ، وەك :

| | |
|---|---|
| کـوڕ | کوڕان |
| بەرخ | بەرخان |

٢ ـ ئەگەر کۆتایی بە پیتە بزوێن هاتبێت دیسان بـــە نیشانەی ( ان ) بەڵام بە یاریدەی پیتە ناوبـــەندی (ی)ەوە ، دەکرێت بە ناوی (کۆ) ، وەك :

٣ ـ ئەگەر کۆتایی بە (گەل) هاتبێت وەکو :

| | |
|---|---|
| مێ | مێگەل |
| کوڕ | کوڕگەل |
| چەقۆ | چەقۆیان |
| کەوا | کەوایان |

## ڕاهێنانی (١)

ئەو ناوە تاکانە بە نیشانەی ( ان ) بکە بە کۆ :

پیاو ، کچ ، شاخ ، دیوار ، برادەر ، گوڵ ، کـەو .

## ڕاهێنانی (٢)

ئـەم ڕســتانە بخوێنـەرەوە ، لە پاشـدا هەرچـی ناوی تاكو ناوی کۆ هەیە ، لێیان دەربهێنـەو بەجیـــا جیا بی‌یان نووسە:

١ ـ من بە منداڵانی گەل دەخوێنم .
٢ ـ ئەم بزنانە لە کوێستان لەوەڕاوون .
٣ ـ بەم دەستەبەرانە ، ئەو بەردانە دەگوێزمەوە .
٤ ـ باخەوانەکە چنارەکانی لەناو باخەکەدا ڕواند .
٥ ـ ئەم دەشتانە ئاودارو بەفەرن .
٦ ـ شارەزایانی زمان دەڵێن : زمانی کوردی لە زمانی فارسی کۆنترە .
٧ ـ کوڕگەل وەرن کارگەیێکی چنین لـــە کوردستاندا دا بمەزرێنین .
٨ ـ ئەو تانجییانە کەی دەبەن بۆ ڕاو ؟
٩ ـ ئەم تەشییانە هی هەورامانن .

## ڕاهێنانی (٣)

ئەم ناوە تاکانە بەپاریدەی پیتە ناوبەندی (ی)و بـە نیشانەی ( ان ) بکە بە ناوی کۆ :

شارەزا ، چرۆ ، هەرمێ ، قـوتـابی ، کانی ، چـرا ، تانجی ، گەڵا .

## ڕاهێنانی (٤)

أ ـ هەڵـــۆ .
ب ـ ئەم هەڵۆیانە

تۆش ئەم ناوانەی خوارەوە ، وەك ، وێنـــەی (ب) لێبکە :

چیا ، گۆرەوی ، شانۆ ، کەوا ، ماسی ، چەقۆ .

## ڕاهێنانی (٥)

ئەم ناوانە لە ڕستەدا ، بەکار بهێنە ، لەدوای ئەوەی کە ئەیان کەی بە ناوی کۆ :

کێو ، ترێ ، دەرگا ، بازرگان ، کانی ، بەڕوو .

## ڕاهێنانی (٦)

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

أ ـ چۆلەکە

ب ـ چۆلەکان

ج ـ ئەم چۆلەکانە

دە تۆش ئەم ناوە تاکانەی خوارەوە ، وەك وێنـــەی (ب) و (ج) بکە بە ناوی کۆ ، بزانە دەبێت چی لێ فـڕێ بدرێت ؟

ووتە ، تەختە ، ڕستە ، فڕۆکە ، کۆتەرە ، چۆلەکە .

## ڕاهێنانی (٧)

ئەم ناوە کۆیانە بکەرەوە بە تاك :

پیاوان ، کوڕگەل ، دەستەبرایان ، کچان ، چەقۆیان ،

مێگەل ، دێیان ، دەرگـــایان ، ئەستێران ، باخەوانان

کورسی‌یان .

## ڕاهێنانی (٨)

ئەم بۆشایی‌یانەی خوارەوە ، بەناوێکی تاك ، یـــا کۆ پڕ بکەرەوە :

١ ـ بـە بـرایەتی ..... و ..... ئیســـتیعمار دەڕووخێنین .

٢ ـ لە گوندەکەدا ئەم ٠٠٠٠٠ ەم چاو پێ کەوت ٠
٣ ـ کوڕەکەی ٠٠٠٠٠ بۆسەر پەرێز دەچێت ٠
٤ ـ ئەم ٠٠٠٠٠ ە بەووشکە کەڵەك هەڵچنراوە ٠
٥ ـ ئێمە ٠٠٠٠٠ مان خۆش دەوێت ٠

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| ئامراز | : | أداة |
| نانەوا | : | نان پێژ |
| کەوا | : | کورتەك |
| جیا | : | جودا |
| لەوەڕاوون | : | چەریوون |
| ڕواند | : | چاند |
| چڕۆ | : | چولی |
| هەڵۆ | : | قورت |
| شاتۆ | : | مەسرەح |
| کۆتەرە | : | قورم |
| مێگەل | : | پەز |

## ٢ ـ ڕاناو[1]

**من حەز لەژیانی سەربەستی دەکەم .**

**ئێمە نەمامەکەمان ڕواند .**

**تۆ بۆکوێ چوویت ؟**

**ئێوە بەچی زەوی دەکێڵن ؟**

**ئەوبە پێنووسەکەی خەسرەو دەنووسێت .**

**ئەوان خواردنی باش دەخۆن**

★ ★ ★

لە ڕستەی ( من حەز لەژیانی سەربەستی دەکەم ) دا :
بێژەی ( من ) وبێژەی ( م )ی دوا ووشەی ( دەکەم ) ووشەن ، پێیان دەڵێین ( ڕاناو ) ، چونکە لە بری کەسێ بەکارمان هێناون ، کە دەدوێت .

لەڕستەی ( ئێمە نەمامەکەمان ڕواند ) دا :

بێژەی ( ئێمە )و بێژەی ( مان )ی دوای ووشەی ( نەمامەکە ) ووشەن ، پێیان دەڵێین ( ڕاناو ) ، چونکە لە بری ئەو کەسانە بەکارمان هێناون ، کە دەدوێن .

لەڕستەی ( تۆ بۆ کوێ چوویت ؟ )
بێژەی ( تۆ ) و بێژەی ( یت ) ی دوای واژەی ( چوو ) ووشەن ، پێیان دەڵێین ( ڕاناو ) ، چونکە لەبری کەسێ بەکارمان هێناوون ، کە دەی دوێنین .

---

(١) الضمير

لەڕستەی ( ئێوە بەچی زەوی دەکێڵن ) دا :

بێژەی ( ئێوە ) وبێژەی ( ن )ی دوای واژەی (دەکێڵ) ووشەن ، پێیان دەڵێین ( ڕاناو ) ، چونکە لە بـــری ئەو کەسانە بە کارمان هێناوون ، کە دەیان دوێنین .

لە ڕســـتەی ( ئەو بـــە پێ نووســـەکەی خەســـرەو دەنووسێت ) دا :

بێژەی ( ئەو ) ، وبێژەی (ێت) دوا واژەی (دەنووس) ووشەن ، پێیان دەڵێین ( ڕاناو ) ، چونکە لە بری کەسێ بەکارمانهێناوون ، کە لێیدەدوێین .

لە ڕستەی ( ئەوان خواردنی باش دەخۆن)دا :

بێژەی ( ئەوان ) و بێژەی (ن) ی دوا واژەی (دەخۆن) ووشەن ، پێیان دەڵێین ( ڕاناو ) ، چونکـــە لـــە بری ئەو کەسانە بەکارمان هێناوون ، کە لێیان دەدوێن .

**بەکورتی :**

**ڕاناو ئەو ووشەیەیە کە لە بری ناوێ بەکار دەهێنرێت ـ جا ناوەکە تاك بێت ، یا کۆ ـ کە بدوێت یا بدوێنرێـــت یالێی بدوێین ، وەك :**

**١ ـ ڕاناوی سەربەخۆ:من ، ئێمە ، تۆ ، ئێوە ، ئەو ، ئەوان**

**٢ ـ ڕاناوی لکاو : م ، مان ، یت ، ێ ، ن .**

## ڕاهێنانی (١)

هێڵێ بهێنە بەژێر ئەو ڕاناوانەی کە لەم ڕستانەی خوارەوەدا هەن :

١ ـ من دەرمانەکەم بە جارێ خواردەوە ٠

٢ ـ ئێمە شاڵی هەورامان لە بەر دەکەین ٠

٣ ـ تۆودارا کەی بۆ زاخۆ دەچن ؟

٤ ـ ئەوان بە سواریش ناوێرن لە بوارەکە بدەن ٠

٥ ـ ئێوە کە هاتن ، ئەو لە ژێر سێبەری دارەکەدا پاڵکەوتبوو ٠

## ڕاهێنانی (٢)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا ، هەرچی ناوێك هەیە هێڵێ بەژێریدا بکێشە ، هەرچی ڕاناوێ هەیە دوو هێڵ بە ژێریدا بکێشە ٠

١ ـ ئێمە نیشتمانی خۆمان بە پارە نافرۆشین ٠

٢ ـ پێڵاوەکەی منو تۆ لە یەك دەچن ٠

٣ ـ پرشنگ بەیانی بۆ پێنجوین دەچێت ٠

٤ ـ ئێوە لەگەڵ ئەودا بڕۆن ، پێتان دەگەم ٠

٥ ـ کەروێشك ئەگەر گوێی لە چەپلە بوو ڕادەکات ٠

٦ ـ مانگ بە دەوری زەویدا دەسوورێتەوە ٠

## ڕاهێنانی (٣)

ئەم بۆشاییی یانە بەیەکێ لەم ڕاناوانە پڕبکەرەوە :

( ئێمە ، ئەو ، من ، ئێوە ، ئەوان ، تۆ )

١ ـ ٠٠٠٠٠ پاسەوانی نیشتمانین ٠

٢ ـ ٠٠٠٠٠ کرێکارێکی بە کارم ٠

٣ ـ ٠٠٠٠٠ مامۆستایەکی دڵسۆزە ٠

٤ ـ ٠٠٠٠٠ گوێ لە ئامۆژگاری دەگرن ٠

٥ ـ ٠٠٠٠٠ بەرخەکان بۆ لەوەڕ بەرە ٠

٦ ـ ٠٠٠٠٠ لە پێشانگاکە هاتنە دەرێ ٠

## ڕاهێنانی (٤)

ئەم ( ناو ) و ( ڕاناو ) انە لە ڕستەدا بە کاربهێنە :

بەمەرجێ لە پێشدا ناوەکان ئەنجا ڕاناوەکان ٠

پەریزاد ، ئێوە ، جەژن ، من ، ئەوان ، ئازادی ٠

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| نەمام | : | شەتلەدار |
| ڕاناو | : | ضمیر |
| شاڵ | : | بەلگویز |
| چەپڵە | : | دەست قوتان |
| ڕادەکا | : | دڕەفت |
| مانگ | : | هەیڤ |
| ئامۆژگاری | : | نەسیحەت |
| لەوەڕ | : | چەرە |
| مەرج | : | شەرت |

## ٣ ـ ئاوەڵناو(١)

**دارا دەستە سڕی خاوێن هەڵدەگرێت ٠**
**فەرهاد ترۆزیی ناسكدەكڕێت ٠**
**ئێمەی دواكەوتوو ، ئەشێ تێبكۆشین ٠**
**تۆی تەوەزەل هەرگیز لەبەراووردا دەرناچیت ٠**

★ ★ ★

لەڕستەی (دارا دەستەسڕی خاوێن هەڵدەگرێت) دا٠
بێژەی ( خاوێن ) ووشەیە ، پێیدەڵێین (ئاوەڵناو) ، چونكە بە بۆنەی ئامرازی (ی)ەوە ، وەسفی ناوی ( دەستەسڕ ) دەكات ٠

لە ڕستەی ( فەرهاد ترۆزیی ناسك دەكڕێت )دا :
بێژەی ( ناسك ) ووشەیە ، پێیدەڵێین ( ئاوە لناو )، چونكە بە هۆی ئامرازی (ی) ەوە ، وەسفی ناوی ( ترۆزیی ) دەكات ٠

لە ڕستەی ( ئێمەی دواكەوتوو ، ئەشێ تێبكۆشین )دا:
بێژەی ( دواكەوتوو ) ووشەیە ، پێی دەڵێین (ئاوەڵناو )، چونكە بە هۆی ئامرازی ( ی ) ەوە ، وەسفی ڕاناوی ( ئێمە ) دەكات ٠

لە ڕستەی ( تۆی تەوەزەل هەرگیز لە بەراووردا دەرناچیت ) دا :

---

(١) الصفة

بێژەی ( تەوەزەل ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئاوەڵناو ) •
چونکە بە هۆی ئامرازی ( ی ) ەوە ، وەسفی ڕاناوی ( تۆ ) دەکات •

**بەکورتی :**

**ئاوەڵناو ووشەیەکە ، وەسفی ناوێ یا ڕاناوێ بە هۆی ئامرازی ( ی )ی(١) پەیوەندییەوە دەکات ، وەك : خاوێن ، ناسك ، دواکەوتوو ، تەوەزەل ، گەورە •**

## ڕاهێنانی (١)

هەرچی ئاوەڵناوێ دەبینیت لەم ڕستانەی خوارەوەدا ، سەروهێڵ بە ژێریاندا بکێشە :

١ ـ ماسیی گەورە لە تاقگەدا ڕاو ناکرێت •
٢ ـ خەسرەو داسێکی دەم تیژی کڕی •
٣ ـ ئێوەی نەشارەزا بۆ کوێ دەکەوونە ڕێ ؟
٤ ـ قەندیل چیایەکی بەرزە لە کوردستاندا •
٥ ـ تۆی دەست بڵاو هیچ بە هیچ ناکەیت •
٦ ـ خەیاری گوڵ بەدەم ناسکە •

## ڕاهێنانی (٢)

ئەم ئاوەڵناوانە بخەرە ئەم بۆشاییانەوە :
خەواڵوو ، زل ، گەرم ، با بردوو ، چەپەڵ •

---

(١) وەك ناوێ یا راناوێ بەبۆنەی هەمان هۆوە ناوێ تەواو دەکەن •

١ ـ چێشتی ٠٠٠٠٠ دەم دەسووتێنێت ٠

٢ ـ دوای کڵاوی ٠٠٠٠٠ مەکەوون ٠

٣ ـ منالی ٠٠٠٠٠ هیچ کەس خۆشی ناوێت ٠

٤ ـ وورگی ٠٠٠٠٠ نەخۆشی یـــە ٠

٥ ـ ئیوەی ٠٠٠٠٠ کەی بەخەبەردێن ؟

## ڕاهێنانی (٣)

ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەرەوە لە پاشاندا ئەو ، ووشـــانەی لێدەربهێنە کـە پێیـان دەڵێین ( نـاو ) ، ( ئاوەڵناو ) بە جیاجیاش بیان نووسە :

١ ـ ئاڵای عێراق لە ڕەنگی سوورو سپیو سەوزو ڕەش پێکهاتووە ٠

٢ ـ پە مـــووی چاك لـە ناوچەی شـارەزوور بەرهەم دەهێنرێت ٠

٣ ـ شۆڕشی حەڤدەی تەمووزی نەمر نەوتی خۆماڵی کرد٠

٤ ـ منالی ساوا دەبێت جوان بەخێو بکرێت ٠

٥ ـ ئیوەی دواکەوتوو کەی بەخەبەردێن ؟

## ڕاهێنانی (٤)

ئەم ئاوەڵناوانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە :

باش ، سەربەگۆبەن ، قەڵەو ، لیل ، سووتاو ٠

## ڕاهێنانی ( ٥ )

ئەم چیرۆکە لەماڵەوە بخوێنەرەوە ، لە پاشاندا پێنج ئاوەڵناوی لێ دەربهێنە :

## خانزادی میری سۆران

خانزاد کچێکی باڵا بەرزی گۆشتن بوو ، قژێکی ڕەشی هەبوو بەسەر پشتیدا دەهاتە خوارێ ، ئافرەتێکی جوانو داوێن پاك بوو ، لەشەڕدا ئازاو بەجەرگ بوو ، سوارێکی چاك بوو ، لەدوای لەناوچوونی سولەیمان بەگی برای بوو بە میری سۆران ، فەرمانڕەوایی ناوچەی سۆرانی گرتە دەست خۆی • خاتوو خانزاد میرێکی بەداد بوو ، ووڵات پەروەر بوو ، تێدەکۆشا بۆ ئاوەدانیی ووڵاتو ، بڵاوکردنەوەی خوێندەواریو ، گەلێ قوتابخانەو مزگەوتو ساختمان لە دەوری ئەودا کرایەوە •

خاتووخانزاد ڕقی لەژێر دەستیو سەر شۆڕکردن بۆ بێگانە دەبووەوە ، لەبەر ئەوە هەتا لە ژیانیدا بوو ، سەری بۆ عوسمانییەکان دانەنەواندو ، ڕێی نەدان بێ بخەنە ناوچەی سۆرانەوە • خانزاد بەشەو خۆی دەگۆڕیو کاڵەوپێتاوی دەبەستو لەگەڵ سەربازەکانیدا بەناو شاردا دەسووڕایەوە ، بۆ ئەوەی ئاگای لە ناڵەو هەستی گەلەکەی ببێتو بزانێت لە ووڵاتدا چی ڕوودەدات ؟ شەوێ لە شەوان لەگەڵ تیپێ لە سەربازەکانیدا بە شاری هەریردا دەسووڕایەوە ، لەلای

مزگەوتێکی گەورە لە مزگەوتەکانی هەریر گوێی لــە گفتو گۆی چەند فەقێیەك بوو ، بەبێ دەنــگ لێیـان نزیك بووەوەو خۆیلێگرتن هەتا بزانێت لە چی دەدوێن، گوێی لێبوو یەکێ لە فەقێکان دەیگوت :

بریا من ببومایە بـە مەلایەکـی دوانـزە عیـلمو مزگەوتێکی باشـم ببوایە ، وانەم تیا بگوتایەتـەوەو ڕۆڵەکانی میللەتم تێدا فێری خوێندن بکردایە •

یەکێکی تریشیان دەیگوت :

بریا منیش پارەیەکی زۆرم ببوایە هەندێ کتێبم پێ بکڕیایەو دەستێ جلی جوانی وەهاشـم ببوایە ، کە هەموو دانیشتوانی شاری هەریری پێسەرسام ببوایە ! بەڵامسێیەمیان دەیگوت :

خۆزگە منیش ببومایە بە مێردی خاتو خانزاد !

دەڵێن خاتوو خانزاد ، بۆ بەیانی ناردی بە شوێنیانداو ، ئاواتەکانی بۆ هێنانەدی • لە دوای مـردنی خانــزاد وولات تێكچـوو ، ئـەستێرەی میری سـۆران کەوتـە نەدیوی ، میرەکانی سـۆران لەناو خۆیانـدا کەوتنە دووبەرەکیو هەرا ، لەمە حکومەتی عوسمانی هـەڵی بەچنگ کەوت دەست بخاتـە کاروبـاری میری سۆرانەوە ، لەشکرێکی ناردە سەرهەریر ، داگیری کردو وولاتی سۆرانی بەست بە ڕەوڕەوە شرەکەی خۆیەوە ، کۆتایی بە میری سۆران هێنا •

# لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| خاوێن | : | پاقژ |
| ئەشێ | : | چێ‌دبت |
| تەوەزەل | : | نەزیرەك |
| بەبۆنەی | : | بسبب |
| تاڤگە | : | شەلال |
| چەپەڵ | : | پیس |
| وورگ | : | زك |
| لێڵ | : | شێلی |
| کاڵەوپێتاو | : | کالکوگورە |
| ئاوات | : | خوەزی |
| هەل | : | دەرفەت |

## ٤ ـ فرمان[1]

**بارام بۆ بازاڕ چوو .**

**فەرهاد لە ڕاڕەوەکەدا هەڵخلیسکا .**

**هەنجیرەکە دەخۆم .**

**تەختەکە جوان بسڕە .**

لەڕستەی (بارام بۆ بازارچوو) دا :

بێژەی ( چوو ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( فرمان ) چونکە کارێ دەردەخات کە لە کاتی ڕابووردوودا ڕووی داوە .

لە ڕستەی ( فەرهاد لە ڕاڕەوەکەدا هەڵخلیسکا ) دا :

بێژەی ( هەڵخلیسکا ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( فرمان ) ، چونکە بە یانی هەڵ خلیسکاندن لە کاتی ڕابووردوودا ، دەکات .

---

لە ڕستەی ( هەنجیرەکە دەخۆم ) دا :

بێژەی ( دەخۆم ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( فرمان ) چونکە بەیانی خواردن دەکات لە کاتی ئێستا ، یالەمەولا .

لە ڕستەی ( تەختەکە جوان بسڕە ) دا :

بێژەی ( بسڕە ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( فرمان ) چونکە بەیانی داوای سڕین دەکات ، یەکسەر لە دوای ئاخاوتن .

---

(١) الفعل

بەکورتی :

**فرمان ئەو ووشەیەیە ، بەیانی کارێ دەکات لەکاتی ڕابوردوودا ، یا رانەبوردوودا ـ ئێستا یان لەمەولا ـ روودەدات ، وەك : چوو ، هەڵ خلیسکا ، دەخۆم ، بسڕە ٠**

## ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا هەرچی فرمانێك هەیە ، هێڵێ بە ژێریاندا بهێنە :

١ ـ شۆرش بۆ بەختیاری گەل هەوڵدەدات ٠

٢ ـ باران نم نم دەبارێت ٠

٣ ـ چۆلەکەی سەر دارەکە هەڵفڕی ٠

٤ ـ خۆزگە مامۆستای قوتابخانە بوومایە ٠

٥ ـ پیرەمێرد لە گردی مامەیارە نێژراوە ٠

٦ ـ هەنگ شیلەی گوڵان دەمژێت ٠

٧ ـ ڕەنگە بەیانی بچم بۆ عەمادیە ٠

٨ ـ پەریزاد ئەگەر بخوێنێت ، دەردەچێت ٠

٩ ـ ئەگەر پێم بکرایە ، بۆ کەرکوك دەچووم ٠

١٠ ـ بڕۆ بۆ بازاڕ ، کیلۆیەك سێو بکڕە ٠

## ڕاهێنانی (٢)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە یەکێ لەم فرمانانە پڕ بکەوە :

ڕادەپەڕێنێت ، دەشوات ، پاك کرد ، بڕوێنە ، چووم ، دانیشتووە ، بنوو ، بڕۆن .

١ ـ گوڵناز جل ....
٢ ـ ئەمامەکە لەگوێ ڕووبارەکە ....
٣ ـ لە جەژنی نەورۆزدا بۆ هەلەبجە ....
٤ ـ دارا لەسەر بانیژەکە ....
٥ ـ دەنگی ئازادی ، گەلان ....
٦ ـ خەیارەکەم بەچەقۆ ....
٧ ـ شەو زوو .... بەیانی زوو هەڵسە .
٨ ـ بۆ قوتابخانە ....

## ڕاهێنانی (٣)

آ ـ فرۆشت .
ب ـ دەفرۆشێت .
ج ـ بفرۆشە .

تۆش ئەم فرمانانەی خوارەوە ، وەك وێنەی (ب) و (ج) لێ بکە :

هەڵگرت ، هەڵکەند ، کڕی ، چاند ، سڕی ، شکاند .

## ڕاهێنانی (٤)

آ ـ خووسا ٠

ب ـ خووساوه ، خووسابوو ، دەخووسا ، بخووسایه ،

تۆش ئەم فرمانانه وەك وێنەی (ب) لێ بکه :

شێوا ، فرۆشرا ، گریا ، سوا ، ڕووشا ٠

## ڕاهێنانی (٥)

ئەم فرمانانه له ڕستەدا بەکار بهێنه :

وەری ، بنێژه ، هەڵدەچێت ، دادەدڕێت ، بخوێنه ٠

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| بسڕه | : | پاقژبکه |
| نێژراوه | : | ڤەشارتیه |
| هەنگ | : | مێشاهنگڤینی |
| ڕادەپەڕێنێت | : | دەربازدکت |
| پێشوازی | : | پێش ڤەچوون |
| خرۆشا | : | ڤەگورجا |
| شەقام | : | جادە |
| تەرخان | : | حازر |

## ٥ ـ ئاوەڵ فرمان (١)

**بەیانی بۆ هەولێر دەڕۆم •**
**پار لە هەڵەبجە بووم •**
**فەرهاد لەژێر کەپرەکەدا نووست بوو •**
**کەوەکە لەناو دەوەنەکەدا هەڵفڕی •**

★ ★ ★

لە ڕستەی ( بەیانی بۆ هەولێر دەڕۆم ) دا :
بێژەی ( بەیانی ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئاوەڵ فرمان ) چونکە بەیانی ئەو کاتە دەکات ، کە فرمانی ( دەڕۆم ) ی تیا ڕوودەدات •

لە ڕستەی ( پار لە هەڵەبجە بووم ) دا :
بێژەی ( پار ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئاوەڵ فرمان ) چونکە بەیانی ئەو کاتە دەکات ، کە فرمانی ( بووم )ی تیا ڕوداوە •

لە ڕستەی فەرهاد لە ژێر کەپرەکەدا نووست بوو )دا:
بێژەی ( ژێر ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئاوەڵ فرمان ) چونکە بەیانی ئەو شوێنە دەکات ، کە فرمانی ( نووست بوو )ی تیا ڕووداوە •

لە ڕستەی ( کەوەکە لەناو دەوەنەکەدا هەڵفڕی ) دا :
بێژەی ( لەناو ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئاوەڵ فرمان ) چونکە بە یانی ئەو شوێنە دەکات ، کە فرمانی ( هەڵفڕی )ی تیا ڕووداوە •

(١) الظرف

**بەکورتی :**

**ئاوەڵ فرمان : ئەو ووشەیەیە ، کە وەسفی کاتی یا شوێنی ڕوودانی فرمانێ دەکات • ئاوەڵ فرمانیش دوو جۆرە :**

**١ ـ ئاوەڵ فرمانی کاتی : ئەو ئاوەڵ فرمانەیە ، کە بەیانی کاتێ دەکات فرمانەکەی تیاڕوداوە ، یا ڕوودەدات ، وەك :**

**بەیانی ، پار ، نیوەڕۆ ، دووسبەی ، هاوین •**

**٢ ـ ئاوەڵ فرمانی شوێنی : ئەو ئاوەڵ فرمانەیە ، کە بەیانی جێگایەك دەکات فرمانەکەی تیاڕووداوە ، یا ڕوودەدات ، وەك :**

**سەر ، خوار ، پشت ، تەنیشت ، ژێر ، لا ، کن ، ناو •**

## ڕاهێنانی (١)

ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەرەوە ، لە پاشاندا هەرچی ئاوەڵ فرمانێکت بەرچاو دەکەوێت هێڵێ بەژێریدا بهێنە ، ئەنجا ئاوەڵ فرمانی کاتی لە ئاوەڵ فرمانی شوێنی جوێ بکەرەوە :

١ ـ پۆلیسەکە شەوێ دزەکەی لە کایەنەکەدا گرت •
٢ ـ ســـوارەکە بە پڕتاو ئێوارێ بەسەر پردەکـــەدا ڕۆییشت •
٣ ـ ڕۆژنامەکانم خستە سەر مێزەکەی تۆ •
٤ ـ نەسرین نیوەڕۆ لەناو باخەکەدا دانیشت بوو •
٥ ـ کاڵەك بە هاوین پێدەگات ، بەڵام پرتـەقاڵ بـە زستان •
٦ ـ پار نەخۆش کەوتم ، بۆیە لە خوێندن دواکەوتم •
٧ ـ خانووەکەمان لە تەنیشت ڕووبارەکەوەیە •
٨ ـ سەرباز لەدوای ئەفسەرەوە دەڕوات •
٩ ـ خەسرەو بەکن ئێوەدا هەنووکە تێپەڕی •

## ڕاهێنانی (٢)

ئەم بۆشایی یانە بە ئاوەڵ فرمانێکی کاتی پڕبکەرەوە :
١ ـ دوو ••••• لـە هاوینەهـــەواری سەرســەنگ ڕام بوارد •
٢ ـ بە ••••• ڕۆژگار کورت دەبێت ، شەوگار درێژ دەبێت •
٣ ـ ڕۆژی ••••• بۆ سیوەیل دەچم •
٤ ـ لە ••••• دادنیا سەوز هەڵدەگەڕێت •
٥ ـ کرێکارەکان بە هەشـت ••••• ئەم زێرابـەیان هەڵکەند •

## ڕاهێنانی (٣)

ئەم بۆشاییی‌یانە بە ئاوەڵ فرمانێکی شوێنی پڕبکەوە ·

١ ـ دەسکە گوڵەکەم خستە ····· مێزەکە ·

٢ ـ کەروێشکەکە لە ····· گیاکەدا خۆی شاردبووەوە ·

٣ ـ بارام لە ····· باوکیەوە دەڕوات ·

٤ ـ سەگ بە ····· پشیلەدا ڕادەکات ·

٥ ـ مەڕەکە لە ····· دێبەرەکەدا دەلەوەڕێت ·

## ڕاهێنانی (٤)

ئەم ئاوەڵ فرمانانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە :

درەنگ ، پاش ، لەمەولا ، سۆزی ، هەنووکە ، ڕاست ، دوور ، تەنیشت ، پشتاوپشت ·

## ڕاهێنانی (٥)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە ، بە مەرجێ وەڵامەکەی ئاوەڵ فرمانێکی کاتی یا شوێنی تێدا هە بێت :

١ ـ کەی گەرما دەبزوێت ؟

٢ ـ دزەکە لە کوێ گیرا ؟

٣ ـ کەی مانگ دەردەکەوێت ؟

٤ ـ بۆڕی ئاو بە کوێدا ڕادەکێشرێت ؟

٥ ـ جوتیار کەی بۆ جوت دەچێت ؟

٦ ـ نەوزاد لە کوێ ڕاوەستاوە ؟

٧ ـ کەی گەڵای دار دەوەرێت ؟

٨ ـ لە چ ساڵێکدا شۆڕشی ١٧ی تەمموزی نەمر هەڵگیرسا ؟

٩ ـ نانەکەت لە کوێ دانا ؟

١٠ ـ کەی گەیشتیتە ئاوایی یەکە ؟

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| دەوەن | : | تەڕاش |
| کن | : | تك |
| پڕتاو | : | بلەز |
| دێبەر | : | قەرسیل |
| دەبزوێت | : | دلقت |
| گەڵا | : | بەڵچوین |

## ٦ ـ ئامرازی پێوەندی

**بابیز دەستی بە سابون دەشوات •**

**باوکم لە ژوورەوە دانیشتووە •**

**بارام وەك شێر ڕادەكات •**

**خەسرەو شەوێ گەییشتە جێ •**

**پرشنگ سبەینێ دێت بۆ ئێرە •**

**كەللەی پشیلە خڕە •**

---

لە ڕستەی ( بابیز دەستی بە سابون دەشوات ) بێژەی ( بە ) ووشەیە پێی دەڵێین ( ئامرازی پێوەندی )، چونکە ئەو بە ندیواری یەمان پیشان دەدات، کە لەنێوان ( بابیز ) و ( سابون ) و (دەشوات)دا هەیە •

---

لە ڕستەی ( باوکم لە ژوورەوە دانیشتووە ) دا : بێژەی ( لە ••• ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئامرازی پێوەندی )، چونکە ئەو بە ندیواری یەمان پیشان دەدات، کە لە نێوان (باوکم)و (ژوور)و (دانیشتووە) دا هەیە •

---

لە ڕستەی ( بارام وەك شێر ڕادەكات ) دا : بێژەی ( وەك ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئامرازی پێوەندی )، چونکە ئەو بە ندیواری یەمان پیشان دەدات، کە لەنێوان ( بارام ) و ( شێر ) و ( رادەكات )دا هەیە •

لە ڕستەی ( خەسرەو شەوێ گەییشتە جێ ) دا :

بێژەی (ە)ی دوا فرمانی ( گەیشت ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئامرازی پێوەندی ) چونکە ئەو بەندیواری یەمان پێشان دەدات ، کە لە نێوان ( خەسرەو ) و (جێ) و ( گەیشت ) دا هەیە ·

لە ڕستەی ( پرشنگ بۆ ئێرە دێت ) دا :

بێژەی (بۆ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئامرازی پێوەندی )، چونکە ئەو بەندیواری یەمان پیشان دەدات، کە لە نێوان ( پرشنگ ) و ( ئێرە ) و ( دێت ) دا هەیە ·

لە ڕستەی ( کەللەی پشیلە خڕە ) دا :

بێژەی (ی) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئامرازی پێوەندی )، چونکە ئەو بەندیواری یەمان پیشان دەدات، کە لە نێوان ( پشیلە ) و ( کەللە )دا هەیە ·

**بەکورتی :**

**ئامرازی پێوەندی ئەو ووشەیەیە ، کە لە ڕستەدا بەندیواری ی نێوانی ناوێك یا ئاوەڵناوێك یا ئاوەڵفرمانێك لەتەك ووشەکانی تری ڕستەکەدا دەردەخات ، وەك :**

**( بە ، بۆ ، ە ، ی ، وەك ، لە )**

## ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا ، چەند ئامرازی پێوەندی هەیە ، سەرو هێڵ بە ژێریاندا بهێنە :

١ ـ پیاوەکەم لەگەڵ تۆدا دی ، کە بۆلادێ دەچوو ٠
٢ ـ دلێر هەنووکە بۆ قوتابخانە چوو ٠
٣ ـ پیرەم لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی هاتووە ٠
٤ ـ ترێی ناوسەبەتەکەم هەموو خوارد ٠
٥ ـ ماسی بە بێ ئاو هەڵ ناکات ٠
٦ ـ کە دزەکەم گرت ، لە ترسان هەڵدەلەرزی ٠
٧ ـ لادێییەکان بەیانیان زوو دەچنە سەرکانی ٠
٨ ـ شێر لە بێشەدا دەژی ٠
٩ ـ هەیاسەی زیو لە لادێ بەکار دەهێنرێت ٠
١٠ـ مامۆستا بۆ قوتابی وەك باوکە ٠

## ڕاهێنانی (٢)

آ ـ لـــــە ٠

ب ـ لەناو ، لەبن ، لەسەر ، لەکن ، لەتەنیشت ، لەژێر ، لەخوار ٠

تۆش ئــــەم ئامرازە پێوەندییانەی خوارەوە ، وەك وێنەی (ب) لێ بکە : بە ، ی ، بۆ ٠

## ڕاهێنانی (٣)

**ئەم بۆشایییانە بە یەکێ لـەم ئامرازە پێوەندییانە پڕبکەرەوە :**

لەژێر ٠٠٠ دا ، لەکن ، لە ٠٠٠ دا ، بۆ ، ی ، بەبێ ، بـــە ٠

١ ـ حوشتر ٠٠٠ بیابان ٠٠٠ باشدەڕوات ٠

٢ ـ لە شارەوە ٠٠٠ سواری ٠٠٠ لادێچووم ٠

٣ ـ تووتن گەڵاکە ٠٠٠ پانە ٠

٤ ـ من ٠٠٠ منداڵەکان بووم ٠

٥ ـ پشیلەکە ٠٠٠ مێزەکە ٠٠٠ ڕاوەستابوو ٠

## ڕاهێنانی (٤)

ئەم ووشانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە ٠

ئێمە ، پار نا پێرار ، پێ ، بۆ ، لەتەک ٠

## ڕاهێنانی (٥)

**ئامـرازی (ی)** بخەرە نێوان ئـەم دوو ووشـــانەی خوارەوە ئەنجا بیانخوێنەرەوە :

١ ـ کەللە ٠٠٠٠ پشیلە ٠

٢ ـ بەهار ٠٠٠٠ کوردستان ٠

٣ ـ دەرگا ٠٠٠٠ ژوورەکە ٠

٤ ـ ئەسپەکە ٠٠٠٠ شاسوار ٠

# لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| هەڵناکات | : | ناژیت |
| هەیاسە | : | کەمەر |
| لەکن | : | لەنك |
| بیابان | : | چۆل |

- زاڵبوون بەسەر نەخوێندەواریدا ، زاڵ بوونە بەسەر دواکەوتندا ٠

## ٧ ـ ئامرازی لێکدەر[1]

**نەسرینو پرشنگ گۆرەوی دەچنن .**
**هاوین گەرمە ، بەڵام زستان ساردە .**
**ئەم دەرمانە دەخۆم ، بەڵکو پێی چاك ببم .**
**حەز لە هەنار دەکەیت ، یا حەز لە پرتەقاڵ دەکەیت ،**
**پیاوی بەد مەدوێنە ، نەك ئازار بەڕەووشتت بگەیێنێت .**
**ئەمانە مەفرۆشە ، چونکە باش نین .**

★ ★ ★

لە ڕستەی ( نەسرینو پرشنگ گۆرەوی دەچنن ) دا:
بێژەی (و) نێوەند ( نەسرین )و ( پرشنگ ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئامرازی لێکدەر ) چونکە ووشەی ( نەسرین )و ( پرشنگ ) بە یەکەوە دەبەستێت .

لەڕستەی ( هاوین گەرمە ، بەڵام زستان ساردە ) دا :
بێژەی (بەڵام)ی نێوەند ڕستەی ( هاوین گەرمە ) و ( زستان ساردە ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئامرازی لێکدەر ) ، چونکە ڕستەی ( هاوین گەرمە ) و ڕستەی ( زستان ساردە ) بە یەکەوە دەبەستێت .

لە ڕستەی ( ئەم دەرمانانە ، دەخۆم بەلکوپێی چاك ببم ) دا :
بێژەی ( بەڵکو )ی نێوەند ڕستەی ( ئەم دەرمانانە دەخۆم )و ڕستەی (پێی چاك ببم) ووشەیە ، پێی دەڵێین

(١) اداة العطف ( الربط ) .

( ئامرازی لێکدەر ) ، چونکە ڕستەی ( ئەم دەرمانانە دەخۆم ) بە ڕستەی ( پێی چاك ببم )ەوە دەبەستێت ٠

لە ڕستەی ( حەز لە هەنار دەکەیت ، یا حەز لە پرتەقاڵ دەکەیت ) دا :

بێژەی ( یا )ی نێوەند ڕستەی ( حەز لە هەنار دەکەیت ) و ( حەز لە پرتەقاڵ دەکەیت ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئامرازی لێکدەر ) ، چونکە ڕستەی ( حەز لە هەنار دەکەیت ) بە ڕستەی ( حەز لە پرتەقاڵ دەکەیت ) بە یەکەوە دەبەستێت ٠

لە ڕستەی ( پیاوی بەد مەدوێنە ، نەك ئازار بە ڕەوشتت بگەیێنێت )دا :

بێژەی (نەك)ی نێوەند ڕستەی (پیاوی بەد مەدوێنە)و ڕستەی (ئازار بەڕەوشتت بگەیێنێت) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئامرازی لێکدەر ) ، چونکە ڕستەی ( پیاوی بەد مەدوێنە ) لە تەك ڕستەی ( ئازار بەڕەوشتت بگەیێنێت ) بە یەکەوە دەبەستێت ٠

لە ڕستەی ( ئەمانە مەفرۆشە ، چونکە باش نین ) :

بێژەی ( چونکە )ی نێوەند ڕستەی ( ئەمانە مەفرۆشە )و ڕستەی (باش نین) ووشەیە ، پێی ، دەڵێین ( ئامرازی لێکدەر ) چونکە ڕستەی ( ئەمانە مەفرۆشە ) بە ڕستەی ( باش نین )ەوە ، دەبەستێت ٠

بەکورتی :

**ئامرازی لێکدەر ئـەو ئامرازەیە ، کە دووشت لـە لەواتادا (مانادا) بە یەکەوە دەبەستێت وەکو :**

**و ، بەڵام ، بەڵکو ، یا ، نەك ، چونکە •**

## ڕاهێنانی (١)

ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەرەوە ، لە پاشاندا سەرو هێڵ بهێنە بەژێر ئامرازەلێکدەرەکاندا :

١ ـ کەرکوكو هەولێر دوو شاری کۆنن لەمێژوودا •

٢ ـ با بخوێنین بەڵکو بگەینە ئاوات •

٣ ـ نازانم سابرێنەکە بفرۆشم یا بەرانەکە •

٤ ـ پووشی پاوەنەکەو پووشی ناو باخەکەش سووتا •

٥ ـ لەسـەر خەرماناکـە چاوم بـە جووتیارەکـەو سەپانەکە کەوت •

٦ ـ ڕووباری دیجلەو فورات لە کوردستانی تورکیـا هەڵدەقوڵێن •

٧ ـ بۆسلێمانی بچم یا بۆ کەرکوك •

٨ ـ دارا ئـەمڕۆ نایـەت بۆ قوتابخانە چونکە باوکی نەخۆشە •

٩ ـ قوتابیی خاوێنم خۆش دەوێت نەك هی چەپەڵ •

## ڕاهێنانی (٢)

ئەم ئامرازە لێکدەرانە بخەرە ئەم بۆشاییانەوە :

و ، نەك ، بەڵکو ، بەلام ، یا .

١ ـ دەنگە دەنگ مەکە .... نەسرین بنوێت .

٢ ـ حەز لە سێو دەکەیت .... هەنار .

٣ ـ کەرویشکەکە بۆ من .... مامزەکە بۆ خۆت .

٤ ـ نان بدە بەسەگ .... بە سپلە .

٥ ـ نەورۆزی پار خۆش بوو .... هی ئەمساڵ خۆشتر بوو .

## ڕاهێنانی (٣)

ئەم ئامرازانە ، کە ئامرازی لێکدەرن لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە :

بەڵکو ، نەك ، چونکە ، یا .

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

## ڕاهێنانی (٤)

ئەم چیرۆکە لە ماڵەوە بخوێنەرەوە ، لە پاشا بدا :

١ ـ پێنج ئامرازی پێوەندیی لێدەربهێنە .

٢ ـ پێنج فرمانی لێدەربهێنە .

٣ ـ پێنج ئامرازی لێکدەری لێدەربهێنە .

# نەورۆز

نەورۆز جەژنی ڕاستەقینەی کوردە ، چونکە بەریەکەم ڕۆژی بەهارو سەری ساڵ دەکەوێت ، لەم ڕۆژەدا هەموو ساڵێ کوردستان لەزەبرو زەنگی زستان ڕزگاریدەبێتو دەکەوێتە ناو بەهەشتی بەهارەوە ، ژیانی گیانلەبەرو گژوگیا سەر لەنوێ تازەدەبێتەوە ، کاروباری کشتوکاڵ دەست پێ دەکاتەوە •

شەوی ئەمجەژنە لە هەموولایەکی کوردستاندا ئاگر نێڵە نێل دەکرێتەوە ، پیاوو ژن ، کورو کچو منال بە دەوریدا گرد دەبنەوە ، بە گۆرانیو هەڵپەرکێ ڕادەبوێرن ، بەیانی لە هەموو لایەکەوە بەزمو ئاهەنگو زەماوەند دەست پێدەکرێت ، دوکانو بازاڕ هەڵدەگیرێت ، هەموو کاروفرمان دەوەستێنرێت ، کوردەکان بەرگی جوان دەپۆشنو خۆیان دەڕازێننەوە ، خواردەمەنی خۆش دروست دەکەنو دەستە دەستە ڕوو دەکەنە دەرودەشت • منداڵانی خوێندنگاکانیش بەخۆشی ئەمڕۆژەوە ، هەریەکە لەلایەن مامۆستای خۆیەوە ( نەورۆز نامە ) یەکی بۆ دەنووسرێتەوە ، کە لەبەری بکاتو لەبەردەم دایكو باوكیدا بیخوێنێتەوە •

جەژنی کورد ، یاخوو جەژنی نەورۆز سەرگوشتەیەکی خۆشی هەیە ، سا سەرگوشتەکە

لەبنچو بناواندا ڕاست بێت یا درۆ ، مەبەس نی یە ، بەڵام هەرچی یەك بێت ، ئەوەدەگەیەنێت کە کورد لە هەمــوو دەمێکدا ئازاو ئازادی پەروەر بووە ، وا دەگێڕنەوە کــە چەند هەزار ساڵێك لەمەوپێش لە کوردستانی ئێرانــدا پادشایەکی بێگانەی زۆردار هــــەڵ کەوتووە ، نــاوی ( بیوراسب ) بوو ، گەلێ ستەمی لە کوردەکان کــردوە • دوو ماری گەورەی بووە ، پەرستوونی ، هەمــوو ڕۆژێ دوو کەسی بۆ سەربڕیونو دەرخواردی داون ، کوردەکان لەمە گەلێ بێزار دەبن ، لەوە بەولاوە ناتوانن بــەرگەی ئەو بەدکاری یەی بگرن • لەناویاندا ئاسنگەرێکی ئــازا پەیدا دەبێت ، ناوی ( کاوە ) دەبێت ، بەزەیی بــــە هاو وڵاتی یەکانی دا دێتەوەو دەچێت هانە هانەیان دەداتو پێستەکەی بەرۆکی کە لە ئاسنگەری دا بەکاری دەهێنا ، دەی کات بە ئاڵاکەیەوە پێشــــیان دەکەوێــتو دەدات بەسەر سەرای پاشادا ، پاشــا دەگرێــتو دەیخاتـــە زیندانەوە هەتا لە ناودەبرێت • بەمڕەنگە کــوردەکــان لەدەست زۆرداریو ســـــتەمو بەدکاری ( بیوراسب ) ڕزگاربوون ، ئیتر کوردەکان ئەو ڕۆژە بــــە جەژنێــکی گەورەو پیرۆز دادەنێن •

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| بەد | : | خراپ |
| مەدوێنە | : | لگەڵ نەئاخفە |
| ئاوات | : | مراد |
| سابرێن | : | نێری ، گوێڕ |
| مامز | : | غەزال |
| سپلە | : | سفلە |
| ستەم | : | زوری |

| |
|---|
| ـ گەلی خوێندەوار ، گەلێکی پێش کەوتوە • |

## ٨ ـ ئامرازی بانگ‌کردن

**ئەی کوردینە ، ئەی‌مەردینە بادەست لە ناو دەست کەین هەموو •**
**پووری ، بۆچی من نابەن لەگەڵ خۆتاندا ؟**
**هۆ ، کاکەی شوان گوێم لێ یە لەو بن دارە ،**
**ئەوەی ئەی لێیت ، نای لێیتەوە دووبارە •**
**منداڵینە، گوێ لە مامۆستا بگرن •**

★ ★ ★

لە ڕستەی ( ئەی کوردینە ، ئەی مەردینە بادەست لەناو دەست کەین هەموو ) دا :

بێژەی ( ئەی ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئامرازی بانگ کردن ) ، چونکە بۆ ووریاکردنەوەی دوێنراو ، کە ( کوردینە ) یە لەڕستەی ( ئەی کوردینە ئەی مەردینە بادەست لە ناو دەست کەین هەموو ) دا بەکار هێنراوە •

لە ڕستەی ( پووری ، بۆچی من نابەن لەگەڵ خۆتاندا ؟ ) :

بێژەی ( ێ ) ووشەیە ، پێی دەڵێین ( ئامرازی بانگ کردن ) ، چونکە بۆ ووریاکردنەوەی دوێنراو ، کە ( پوور )ە لە ڕستەی ( پووری ، بۆچی من نابەن لەگەڵ خۆتاندا ) بەکار هێنراوە •

لەڕستەی ( هۆ ، کاکەی شوان گوێم لێ یە لەوبن دارە ) دا ، بێژەی ( هۆ ) ووشەیە ، پێی دەڵێین (ئامرازی

بانگ کردن ) ، چونکە بۆ ووریاکردنەوەی دوێنراو ، کە کاکەی شوانە بەکارهێنراوە •

لە ڕستەی ( منداڵینە ، گوێ ، لە مامۆستا بگرن ) دا : ووشەی (ە) دوا ووشـــەی ( منـداڵین ) ئامـــرازی بانگ کردنە •

**بەکورتی :**

**ئامرازی بانگکردن ئەو ووشەیەیە ، کــە بــۆ بانگکردنی دوێنراو ، بەکار دەهێنرێت ، وەك :**

**ئەی ، ئەرێ ، ێ ، هۆ ••**

## ڕاهێنانی (١)

ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەرەوە ، لە پاشا هەرچی ئامرازێکی بانگکردنی تیا هەیە ، هێڵێ بهێنە بەژێریدا:

١ ـ کوڕینە ، گوێ لە مێژووی کوردبگرن •

٢ ـ جۆگەلەی زووخاوی جەرگم واله چـاوم سـەردەکا
ئەیوەتەن ، دەردت لە دڵما زامی سەدخەنجەر دەکا •

٣ ـ پیرۆزت بێ ، یانە بەتەنیا
دیارە ڕووسووری لە هەر دوو دنیا

٤ ـ وەرە ئەی نەوجوان ، گەر هوشیاری
بخوێنە ، سەرف و نەحوی کوردەواری

## ڕاهێنانی (٢)

ئەم ئامرازە بانگ کردنانە بخەرە ئەم بۆشاییانەوە :

ئەی ، ێ ، هۆ :

١ ـ ..... کاکەی شوان ، گوێم لێیە لەو بن دارە .

ئەوەی دەی لێیت ، نـــای لێیتـــەوە دووبارە .

٢ ـ خوشك ..... ئەم منداڵە وون بووە ، هی ئێوەیە .

٣ ـ .... کوردینە ، ئەی مەردینە بادەس لەناو دەست

کەین هەموو .

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| وون بوون | : | بەزر بوون |
| تەڵەکەبازی | : | حیلەبازی |

# ڕستە

ئەم ڕستانەی خوارەوە بە ووردی بخوێنەرەوە :

**پرشنگ گۆرەوی دەچنێت .**

**زەوی بە دەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە .**

**تووتن بە دێراو لێ دەدرێت .**

دەتوانین ئەم ڕستانە ، کە هەریەکەیان مانایەکی تەواو و پڕاوپڕی هەیە ، بیان کەین بە دوو بەشەوە :

| | |
|---|---|
| پرشنگ | گۆرەوی دەچنێت . |
| زەوی | بە دەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە . |
| تووتن | بە دێراو لێ دەدرێت . |

بەشی یەکەم لێی دواوین و خەبەرێکمان لە بارەیەوە داوە .

بەشی دووەم خەبەرێکە ، لە بارەی بەشی یەکەمەوە دراوە :

ئەگەر بپرسین : ( کێ گۆرەوی دەچنێت ؟ ) دەڵێین ( پرشنگ ) .

یا ئەگەر بپرسین : (چی بە دەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە ) ؟ دەڵێین ( زەوی ) .

یا بپرسین : ( چی بە دێراو لێ دەدرێت ؟ ) دەڵێین ( تووتن ) .

کەواتە : (پرشنگ) و (زەوی) و ( تووتن ) بەشی یەکەمی ڕستەکانن و ( گۆرەوی دەچنێت ) و ( بەدەوری

ڕۆژدا دەسوورڕێتەوە ) و ( بە دێراو لێ‌دەدرێت ) بەشی دووەمی ڕستەکانن • بۆیە ناوی بەشی یەکەم ( نیهاد )و ناوی بەشی دووەم ( گوزارە )یە •

**بەکورتی :**

**ڕستە کۆمەڵە ووشەیەکە بە سەریەکەوە مانایەکی تەواو دەبەخشێتو لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرێت :**

**١ ـ نیهاد[1] : ئەو بەشەیە لە ڕستەدا کە لێ‌ی‌دەدوێین‌و خەبەری لەبارەوە دەدەین •**

**٢ ـ گوزارە[2] : ئەو بەشەیە لە ڕستەدا کە خەبەری پێ لە نیهاد دەدرێت ، ووشەی گرنگ لە بەشی گوزارەدا (فرمان)ە •**

## ڕاهێنانی (١)

**نیهادو گوزارە لەم ڕستانەدا دەربهێنە :**

| ڕستە | نیهاد | گوزارە |
|---|---|---|
| پشیلەکە میاواندی • | پشیلەکە | میاواندی |
| پووشەکە سووتا • | | |
| پیازەکە پیشا • | | |
| گوڵەکە هەڵوەری • | | |
| بەرداشەکە شکا • | | |
| کەوەکە دەخوێنێت • | | |
| دەرگاکە داخرا • | | |

(١) نیهاد : مبتدا ، مسند الیه ، فاعل .

(٢) گوزارە : خبر ، مسند

# ڕاهێنانی (٢)

گوزاره لەم ڕستانەدا دەر بهێنە[1] :

| ڕستە | گوزارە |
| --- | --- |
| پشیلەکە زۆر میاواندی . | زۆر میاواندی |
| پیاز بەسەلك دەڕوێت . | |
| هەنگ شیلەی گوڵان دەمژێت . | |
| گەڵاکە زەرد هەڵگەڕا . | |
| نەسرین گۆشتی برژاند . | |
| پەروین کتێبەکەی لەسەر مێزەکە دانا . | |
| کەو تاڵیشك دەخوات . | |
| قارەمان بۆ هەولێر دەچێت . | |

(١) بۆ مامۆستا : ئاگاداربە هەندێ جار نیهاد لە ووشەیەك یا چەند ووشەیەك پێكدێت ، هەروەها گوزارەش لە ووشەیەك یا چەند ووشەیەك پێكدێت ، بەلام ووشەی گرنگ لە گوزارەدا ( فرمان )ە ، چونکە رستەی تەواو لە زمانی کوردیدا بەبێ فرمان دروستنابێت .

## ڕاهێنانی (٣)

نیهاد لەم ڕستانەدا دەربهێنە :

| نیهاد | ڕستە |
|---|---|
| پووشی پاوەنەکە | پووشی پاوەنەکە سووتا |
| | دەرگای ژوورەکە داخراوە ٠ |
| | کەوەکەی من دەخوێنێت ٠ |
| | چێشتی گەرم مەخۆ ٠ |
| | ئەسپەکەی دارا حیلاندی ٠ |
| | کەللەی پشیلە خڕە ٠ |

## ڕاهێنانی (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە بە نیهادێك یا گوزارەیەك پڕبکەوە :

١ ــ ٠٠٠٠٠ شووشەکەی شکاند ٠

٢ ــ پیاز بە سەلك ٠٠٠٠٠

٣ ــ ٠٠٠٠٠ بەسوودە ٠

٤ ــ ٠٠٠٠٠ شیلەی گوڵان دەمژێت ٠

٥ ــ لادێییەکان لەبەر بەرۆچکە ٠٠٠٠٠

٦ ــ پشیلە جوجەڵە ٠٠٠٠٠

٧ ــ ٠٠٠٠٠ بەگاجووت دەدرێت ٠

## ڕاهێنانی (٥)

آ ـ وێنەیەك لەشی[1] کردنەوەی ڕستە :

پشیلە دەمیاوێنێت •

پشیلە : نیهادە •

دەمیاوێنێت : گوزارەیە •

ب ـ تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە ، وەك وێنەی (آ) شی بکەرەوە :

١ ـ مەڕەکە باڕاندی •

٢ ـ پیازەکە پیشا •

٣ ـ دەرگاکە داخرا •

٤ ـ باران دەبارێت •

٥ ـ پرشنگ دانیشت •

## ڕاهێنانی (٦)

ئەم چیرۆکە لەماڵەوە بخوێنەرەوە ، لە پاشاندا پێنج ڕستەی لێ‌دەربهێنە ، لەو ڕستانەدا کە دەریان دەهێنیت نیهاد لە گوزارە جیابکەوە :

---

(١) شی : تحلیل

## گەزۆی کوردستان

کوردستانی ڕەنگین هەروەك خوا دیمەنێکی جوان‌و هەوایەکی خۆش‌و ئاوێکی سازگاری داوەتێ، سامانێکی زۆریشی پێ بەخشیوە، وەك تووتن، برنج، لۆکە، نەوت، ئاسن، زێڕ، زیو، کەتیرە، مازوو، گەزۆ، بەلام ڕەنگە لێم بپرسی:

- گەزۆ چی‌یە؟

- گەزۆ شتێکی سپی‌یە، وەك شەکر.

- ئەی چۆن پەیدادەبێت؟

- شەو لەخواییەوە دەبارێتە سەرگەلای درەخت.

- ئەی نابارێتە سەر زەوی؟

- نەء. ئەگەر بشبارێت سوودی لێ وەرناگیرێت، چونکە تێکەڵ بە خۆڵ دەبێت.

- باشە ئەی لەسەر ئەو گەلایە چۆن کۆدەکرێتەوە؟

- کە ڕۆژ بوەوە لادێ‌ییەکان ئەو گەلایانە بە توولەکانیانەوە دەبڕن‌و، لە جێگایەك کۆمەڵەیان دەکەن‌و دەیانخەنە بەرخۆر تا ووشك دەبنەوە پاشان لەسەر مەوجێك گەلاکانیان دەوەرێنن‌و لاسکەکانیان فڕێ

دەدەن ، ئەنجا بە گەڵاکوتك ، گەڵاکان دەکوتن تـا وورد دەبن ، کە وورد بوون لە بێژنگیان دەدەن تـا هەرپووش‌و پەڵاشێکیان پێوەبێت لێیان ببێتەوە •

ـ ئەی لە پاشا چی دەکەن ؟

ـ هەمانەو توورەکە دێنن ، نمـەیـەك ئاویان لـەنـاو دەدەن‌و گەڵا ووردکراوەکانیان دەخەنە ناوەوە ، لەبەر هەتاو دایان دەنێن هەتا گەزۆو گەڵاووردەکان یەكدەگرن‌و پێکەوە دەنووسێن •

ـ ئەنجا لادێییەکان دەی‌خۆن‌و بە باریش دەی‌هێنن بۆ شارو دەی‌فرۆشن •

ـ باشەپێم نالێی چی لێ‌دروست دەکرێت ؟

ـ گەزۆ ، دۆشاوی لێ دروست دەکرێت •

ـ سوپاست دەکەم ، هەنووکە شتێ لە گەزۆ گە ییشتم ، بەڵام دەمەوێت لەوەش بگەم ، کە لە کوێ دەبارێت ؟

ـ گەزۆ لە کوێستانەکانی کوردستان دەبارێتە سـەر گەڵای درەخت ، بەڵام ئەو گەزۆیەی ببارێتە سـەر گەڵای دار بەڕوو هەروەها دارمازوو لە هەموویـان باشترە •

# ڕاهێنانی گشتی

## ڕاهێنانی (١)

ووشەی سادەو نادادە لەم ڕستانەدا دەربهێنە :

١ ـ خەسرەو بۆ بازاڕ چوو ، هەندێ شاتووی کڕی ٠

٢ ـ ئاوی کانی سازگارە ٠

٣ ـ کلاوڕۆژنەکەی ئێوە ڕووناکی نادا ، چونکە گیراوە ٠

٤ ـ لە جەژنی نەورۆزدا بۆ سەیرانگاکان دەچین و تێر هەڵدەپەڕین ٠

## ڕاهێنانی (٢)

ئەم ووشانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە :

هەشت ، ئێوە ، سۆلاف ، لەسەر ، هەڵخەڵەتا ٠

## ڕاهێنانی (٣)

آ ـ هەڵگرت ٠

ب ـ هەڵنەگرت ٠

تۆش ئەم فرمانانەی خوارەوە ، وەك وێنەی ( ب ) نەفی بکە :

ڕاخست ، هەڵبوو ، پێش کەوت ، ڕابوورد ، دابو ٠

## ڕاهێنانی (٤)

ئەم بۆشاییانە بەم ووشانە پڕبکەرەوە :

ه ، کەڵەشێر ، و ، زۆر ، لەکەل ، نەخێ ، ڕەشەبا .

١ ـ مەرگ ..... ئاومالّدا جەژنە .

٢ ـ لە گوڵیان پرسی .... گەشی ، ووتی باخەوانەکەم مەرد ....

٣ ـ کەمو پوخت .... زۆرو بۆر .

٤ ـ لە وولاتی کوردەواریدا کۆیە بە ووشکی ، کەرکوك بە ساردی ، کرماشان بە .... سلێمانی بە .....

٥ ـ خۆی ڕیشی نییە .... بە کۆسته پێدەکەنێت .

## ڕاهێنانی (٥)

لەم هۆنراوەیەی ( ئەحمەد بەگی جاف )دا ، چەند فرمانی ڕانەبوردوویتێدایە ، سەروهێڵ بهێنە بەژێریاندا :

لە خەو هەستن درەنگە میللەتی کورد ، خەو زەرەرتانە

هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی ، فەزڵو هونەرتانە

دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی بێکەسو مەزلوم

بە گورجی بێبڕن ئەو ڕێگە دوورەی وا لە بەرتانە .

## ڕاهێنانی (٦)

ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەرەوە ، لە پاشـــاندا هەرچی ڕاناوێکی تیادا دەبێت سەروهێڵ بـە ژێریانـدا بهێنە :

١ ــ ئێمە کە کوردین پێویستە وەك برا بژین ·

٢ ــ ئەولە ماڵی خۆیدا پیاوە ·

٣ ــ من ڕۆڵەی ئەم گەلەم ، کەسەری هەرگیز بۆ بێگانە دانەنەواندووە ·

٤ ــ تۆ ئەگەر کۆشش بکەیت ، دەردەچیت ·

٥ ــ مامۆستا بە قوتابی‌یەکانی‌گوت : ئێوە مامۆستـای دوارۆژن ·

## ڕاهێنانی (٧)

لەم ڕستانەدا هەرچی فرمانی ڕانـــەبوردوو و فرمانی داخوازی هەیە دەریان بهێنەو بە جیا بیان‌نووسـە :

١ ــ قوتابی ژیر لە خوێندن دواناکەوێت ·

٢ ــ وێنەی ئاڵای عێراق بکێشەو لەپاشا ڕەنگی بکە ·

٣ ـ ئەمەوەها بگرە ، ئەگینا دەشکێت •
٤ ـ بارام ، ئەو پێنووسەم بدەرێ ، با ئەم نووسراوەی پێ بنووسم •
٥ ـ بۆ بەرزێتیی گەلو نیشتمان ، دەبێت ڕەنج بدەین ، ئەرك بکێشین •

## ڕاهێنانی (٨)

لەم ووشانەی خوارەوە ، ووشەی سادەو ووشەی ناسادە جیا بکەرەوە :

منداڵ ، هاوینە هەوار ، جێ نشین ، دەشت ، گەشت ، مارماسی ، سازندە ، ووریا ، قوتابخانە ، دیمەن ، گوڵاڵەسوورە ، بازاڕ ، پێ لێ هەڵبڕین ، هەنار ، تەورداس •

## ڕاهێنانی (٩)

لەم پارچە پەخشانەی(١) خوارەوەدا جۆرەکانی ووشە جیا بکەرەوە :

بەهار لە کوردستاندا دیمەنێکی دڵڕفێنی هەیە ، بۆ هەرلایەك بچیت دەبینی دەستی کردگار بە جۆرێکی دڵچەسپ ڕازاندوویەتیەوە ، لەلایەك چیمەنو گوڵو گیا ، لەلایەك دڵۆپی ئاورنگ بە سەر لقی گیاکانەوە ، وەك دەنکی مرواری هۆنراوەتەوە، ئێمە کە دانیشتوانی

(١) پەخشان : نثر

کوردستانین بەم دیمەنە زۆر دڵمان خۆشەو چاومان ڕوو ناکە ، بەشی زۆری بەهار بەسەیرانو گەشتو گوزار ڕادەبوێرین ، دەی قوتابی‌یانی کورد ئەم کاتە پیرۆزە بەهەل بزانن‌و خۆتانی تیا بەشدار بکەن !

## ڕاهێنانی (١٠)

ئەم بۆشایی‌یانەی خوارەوە بەئاوەڵ فرمانی شوێنی‌و کاتی پڕبکەرەوە :

١ ـ ..... زوو چوومە قوتابخانە .
٢ ـ دەفتەرەکان لە ..... مێزەکەیە .
٣ ـ من ..... وەرزش دەکەم .
٤ ـ نەریمان لە ..... فەرهاد دانیشتووە .
٥ ـ گوڵە ئەستێرە بە ..... دەدرەوشێتەوە .
٦ ـ پێشەوا ، شێخ‌مەحمود ..... سەرکەوت .

## ڕاهێنانی (١١)

هێڵێ بهێنە بەژێر ئەو ڕاناوە لکاوانەدا کە لەم ڕستانەدا هەن :

١ ـ من دەزانم کەگەل هەرگیز نامرێت .
٢ ـ ئەو پیاوەی کە ڕاوەستاوە ، مامۆستامە .

٣ ـ ئەو کوڕەی کە دوێنێ دیت ، برامە •
٤ ـ قوتابی کە کۆشش بکات ، سەردەکەوێت •

## ڕاهێنانی (١٢)

أ ـ خەوت •
ب ـ خەوتووە ، دەخەوت ، خەوتبوو ، بخەوتایە •
تۆش ئەم ووشانەی خوارەوە ، وەك وێنـــەی (ب) لێبکە :
کڕی ، وەری ، ڕواند ، وەرگرت ، بوو •

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | | |
|---|---|---|
| لۆکە | : | پەمبی |
| کەتیرە | : | جەو ، سترك |
| لادێ | : | گوند |
| مەوج | : | جاجم ، مێزەر |
| درەخت | : | دار |
| وێنە | : | شکل |
| کۆشش | : | خەبات |

# فەرهەنگی ئەم ڕێزمانە

| ووشە بەکوردی | ووشە بەعەرەبی |
| --- | --- |
| پیت | حرف |
| پیتە دەنگدار | الحروف الصحيحة |
| پیتە بزوێن | حروف العلة |
| ووشە | الكلمة |
| واژە | الكلمة |
| ووشەی سادە | الكلمة البسيطة |
| ووشەی لێکدراو | الكلمة المركبة |
| بێژە | اللفظ |
| دەستەواژە (گرێ) | شبه الجملة |
| ڕستە | الجملة |
| ناو | اسم |
| ڕاناو | ضمير |
| ئاوەڵناو | الصفة |
| فرمان | فعل |
| ئامراز | أداة |
| ئامرازی پێوەندی | أداة الجر ( التعليق ) |
| ئامرازی لێکدەر | أداة العطف ( الربط ) |
| ئاوەڵفرمان | الظرف |
| نیهاد | موضوع ، مبتدأ ، مسند اليه |
| گوزارە | خبر ، مسند |

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ( ٣٢٨ ) لسنة ١٩٨٥

چاپی (الطبعة) ٢٨ سالی ١٩٩١ز - ١٤١١ك

لە چاپخانەی ژمارە ( ٢ )ی وەزارەتی پەروەردە/لە هەولێر چاپ کراوە

٤٠،٠٠٠ دانە